# دیکتاتۆر و شکستی رۆمان نووسین

عومەر جەلال-چەمچەماڵ
Omargalal2004@yahoo.com

بەر لە ڕووخانی( سەددام حسێن )ی دیکتاتۆر دەنگۆی ئەوە بلاّو بووەوە کە دیکتاتۆر رۆمانێکی نویّ ی بلاّو کردووەتەوە ,هەرچەند بەر لەچەند ساڵێك چەندین رۆمانی دیکەی نووسیبوو ,تا هەنووکەش لە سەر ماڵپەری( fosta.net ) رۆمانێکی ئامادەکراوە بۆ خوێندنەوە ,سرووشتیە بپرسین ئایا دیکتاتۆر دەتوانێت ببێتە نووسەر؟ یان نووسەرە شۆڤێنیەکانی ژێر دەسەلاّتی بەعسیزم رۆمانەکانی خۆیان بەخشیوە بەدیکتاتۆر بە لێکردنەوەی تەنیا ناوی نووسەرەکە,یان بە تۆپزی دیکتاتۆر بانگی نووسەرەکانی کردبێت پیّ ی ووتبێتن ,رۆمانێکم بۆ بنووسن پاشان کووشتوونی,بەهەرحاڵ بە پێوانەی من گەڕانەوەی دیکتاتۆر بۆ نووسن تەنیا وەك پەناگەیەك بەکاری هێناوە بۆ خۆپاراستن لەجینۆساید و دیکتاتۆریەت,هەروەك چۆن دیکاتۆر ئاینی کردبووە باشترین هۆکار بۆ لەناوبردنی کورد هەر لە ئەنفالەوە تادەگاتەوێران کردنی گوندەکان بە پشبەستن بەئاین,لەکاتێکدا نەك بڕوای بەبوونی ئاینی ئیسلام نەبوو ,وەلیّ ئاینی بۆ گێلکردنی وولاّتە ئیسلامیەعەرەبەکان بوو کە پشتگیری بکەن ,عەرەبە شۆڤێنیەکانی وولاّتە عەرەبیەکان هەمیشە سەددامیان بە پەیامبەری رزگارکەر دەزانی,کەچی هەنووکە لەساتی دادگای کردنی و بلاّوبوونەوەی دۆکیومێنتەکان زۆر نهێنیان بۆ ڕوون بووەوە ,تەنانەت چەندین کەسی شۆڤێنی ئێستاش قورئانەکەی دەستی دەبینن وادەزانن کەسێکی زۆر بڕواداره,بەمانایەکی دی ئەگەر نووسەر دیکتاتۆر بێت ئەوا جوانترە هەموو نووسەرە ئاکتیڤەکانی ژیان نووسین فەرامۆش بکەن,ئەگەر نووسەرێك دەستی هەبێت لەخوێن ڕشتنی کەسێك تەنانەت بەووەرینی گوڵێکیش بووە لە سێنتەری نووسەریی دەکرێتە دەرەوە ,جگە لەوەی گرنگە لەمێژووی مرڤایەتی وسۆسیۆلۆجیاو بایۆلۆجیای مرۆڤ شارەزا بێت,ئەم دیکاتۆرە بەناونووسەرە,بڕواناکەم جگە لە ڕەنگی خوێن چی ڕەنگێکی دی نەدیبێت,جگە لە بۆنی مەرگ هیچ بۆنێکی دی نەکردبێت ,جگە لە دەنگی شەڕ هیچ سیمۆنیاو گۆرانیەکی نەبیستبێت ,جگە لەدەست بردن بۆ هەستی مرۆڤایەتی کوشتنی خەونی کۆمەڵگە دەستەکانی هیچ قەڵەمێکی نەدیبێت,ئەمە نووسەری چ سەدەیەکە ,نووسەری کۆمیدیا ؟یان نووسەری تراژیدیا؟

خۆزگە هەموو سەرکردەکان نووسەر دەبوون ( بەمانا ی نووسەری ) ئەوسا نەجەنگمان دەدی نەوێران کردنی وولاّت و نەتوانەوەی مرۆڤایەتی.

کیّ دیکتاتۆری کرد بەنووسەر؟؟؟ئەشیّ وەلاّم دانەوەی ئەم پرسیارە ئەستەمبێت؟؟؟ئایا بوونی ئەنفال هیچ هەستێکی لای سەددام درووست کرد بتوانێت لەرۆمانەکانیدا پێناسەیەك بۆ ئەنفال بکات و ئەنفال بکات بەکارەکتەری رۆمانەکەی ,ئایا دەیتوانی هەڵە بجە بکات بە مانیڤێستی رۆمانەکانی,یان رۆماننووسی لای دیکاتۆر پێچەوانە دەبێتەوە ,کوشتنی مرۆڤی بەستە زمانی بۆ چیە؟ توانەوەی شارستانیەت و لەناو بردنی کتێبخانەکانی بۆچیە ؟,یان نووسەری دیکاتۆر دەیەوێت پێیمان بڵێت تەکنیکی رۆمان نووسین ئاوهایە ئەی نووسەران.لەو بڕوایەدام نەك هەر نەیتوانیووە دێرێك لەرۆمان بنووسێت بەڵکو نەیتوانیوە بە ئەندازەی ژمارەی ئەنفالەکان ووشە بنووسێت.هەرگیزاو هەرگیز نابێت ئەوە لەیاد بکەین دیکتاتۆر نابێت بەرۆمان نووس هەروەك چۆن رۆمان نووس نابێت بەدیکتاتۆر.ئەگەر دەستێك بەر منداڵێکی بێناز کەوتبێت وئازاری

دابێت ئایا ئەو دەستە تواناى نووسینى دەبێت,ئەگەر ئاوەزێك لە كوشتن زیاتر نەزانێت دەتوانێت ووشەى جوان ببینێت,ئەگەر چاوێك ئـاوارەو زیندەبەچاڵكردن ببینێت ( كە بەدەستى خۆى بیكات ) دەتوانێت تەماشاى تەنیا رۆمانێك بكات

ئەوەى رۆمان بنووسێت یان شیعریان عاشق بێت یان هونەرمەندبێت هەرگیز ناتوانێت بەمرۆڤێك بڵێت ئازاد مەبە,ئایا ئێمە قوربـانى دەسـتى دیكتاتۆر بووین یان رۆمان نووسێكى شكست خواردوو؟؟؟